لەشاری هەولێر هەزاران نەمام و گوڵ ئامادەکراون بۆ چاندن

لە ناوەندی شاری هەولێر هەزاران نەمام و گوڵ ئامادەکراون بۆ چاندن.

بەوەبەرایەتی پارێزگای هەولێر رۆژی سەشەممە (19ـی ئەیلولی 2023) ڕایگەیاند کە لە پێناو بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی و ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروست و جوانترکردنی سیمای دوورگەی ناوەندی شەقام و باخچە و پارکەکانی شار، لە لایەن هەردوو نەمامگەی ئەندازەی پارک و باخچەکان و پارکی سامی عەبدولڕەحمان، دەستکراون بۆ ئامادەکردنی هەزاران نەمام و گوڵ بۆ چاندنیان لە دوورگەی ناوەندی شەقامە گشتیەکان و نەو پارک و باخچەکانی شاری هەولێر.